# ئارەزووی بولبول

ئەحمەد دەشتی

لە باغێکی پڕ ئەرخەوان
دەهات سروەی فێنکی بەیان
خۆرەتاوی زێڕین و جوان
تیشکی نوێ بوو لە ئاســمان
هەتا چاوت هەتەر دەکرد
چیاکانت وەدی دەکرد
سەرینێ بوون بۆ دەشتەکەم
وەک فردەوسێ دیاری دەکرد
لەو بەهارە دڵگرە دا
فەرشی سەوز ڕاخرابوو
دیمەنی چیا ئای کە جوان بوو
لەودوورەوە لێم دیار بوو
گەڕام لە ناو ئەو گولزارە
ئای کە شاد بووم بەو بەهارە
هێندە گەڕام تا ماندوو بووم
پشوێکم دا لەو هەوارە
سیمای ڕەندی گولستانم
لە ناو خاکی کوردستانم
چاوت هەرگیز وەڕس نابوو
کە دەتڕوانی لە بۆستانم
لە سەر پۆپی ئەو درەختەی
کەوا لەوێ حەسامەوە
بولبولێ هات سرودی چڕی
دەنگی خۆشی خۆی هەلبڕی
دیاربوو کە پەرێشـــــــــانە
لە تاو یاری دەنگ هەڵدەبڕی
منیش گوتم هۆ بولبولە
بۆ دەخوێنی لەو سەر چلە
وا خورەتاو دوور دەم کەلە
وەرە نیازی خۆت بۆم بێژە



بولبول هاتە وەرام گوتی
دڵم پڕە زۆر لەمێژە
ئەمڕۆش بەیان گەڕایەوە
بەڵام دیسان دڵ پڕ گڕە
هیوای دڵم  دوورکەوتەوە
بۆ گراوی خۆم سەرم وڕە
دیسان دڵم پڕ بوو لەخەم
خەوە کوتکە زوو بردمیەوە
بۆیە دڵم هەر پڕ ژانە
زۆر بێزارم لەم ژیانە
داگیرکەری خەوی چاوم
لێ ناگەڕێ بێنم تاوم
هەرچەند تانە لە خۆم دەدەم
وەدی نایێ هیوای چاوم
دەپێم بلێ من چی بکەم
تا بەهیوای خۆما بگەم
چیتر ئازار نەمبڕێنتەوە
ئارەزووی خۆم وەدی  بکەم
منیش گوتم هۆ بولبولە
ئەوەی بۆ تۆ هیوای دڵە
تا بخەوی وەدی نایێ
بە خەوتنت ڕووت لە گلە
بۆیێ دەبێ تا ئەو دەمەی
کە وەدی دێ ئارەزووی تۆ
هەر بە ئاگاو هەر وریابی
خافل نەبی بەخەو ئەتۆ
ئەوسا هیوای خۆت دبینی
کە گول پشکوت دانەمینی
هەر واگابە و زاناو ژیر بە
تا ئارەزووی خۆت ببینی

* بەهاری 2005 تاراوگە پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی زناو ژیرن